Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.5

# پەیوەندی نێوان دیداکتیک و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان توێژینەوەیەکی شیکاری

**ئارام رسوڵ حسين** / بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**جوان اسماعيل بكر خوشناو**/ بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Aram Rasul Hussen
Aram.rasul@gmail.com

RECEIVED :20 /11/2025
ACCEPTED :16/05/ 2025
PUBLISHED :15/04/ 2026

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان شێوازەکانی فێرکردن (دیداکتیک) و پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لەنێو خوێندکاراندا، بە گرنگیدان بە کاریگەریی شێوازەکانی وانەگوتنەوە مۆدێرنەکان لەسەر پەرەپێدانی توانا کۆمەڵایەتییەکانیان. ڕێبازی فەرمی وەسفکەر وەک چوارچێوەیەکی بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەم پەیوەندییە وەرگیرا، لە ڕێگەی شیکردنەوەی چەمکە تیۆرییەکانی پەیوەست بە دیداکتیک و کارلێکی کۆمەڵایەتی.

شیکاری تیۆری ئاماژە بەوە دەکات کە بەکارهێنانی شێوازە دیداکتیکیە مۆدێرنەکان لە پرۆسەی پەروەردەدا بەشدارییەکی بەرچاو دەکات لە باشترکردنی توانا کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران، وەک هاوکاری، چارەسەرکردنی کێشە و پەیوەندی کاریگەر. توێژینەوەکە جەختی لەسەر گرنگی دابینکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی کردووەتەوە کە هاندەری کارلێک و گفتوگۆی گرووپی بێت، کە پاڵپشتی بنیاتنانی پەیوەندی ئەرێنی لەنێوان خوێندکاراندا دەکات و توانای گونجاندنیان لەگەڵ ژینگەکانی کارکردنی داهاتوودا بەرز دەکاتەوە.

توێژینەوەکە دەری خستووە کە شێوازە دیداکتیکییەکان لەسەر بنەمای بەشداریکردنی گرووپ و گفتوگۆ پەیوەندی هەیە لە بەرزکردنەوەی توانا کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران. هەروەها نیشان دەدات کە مامۆستایان دەتوانن کاریگەری ئەرێنییان هەبێت لەم پرۆسەیەدا بە بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی وانەگوتنەوە کە هاندەری بەشداری چالاکانە و کاری تیمی دەبن، یارمەتی خوێندکاران دەدەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو لێهاتووییە کۆمەڵایەتییانەی کە بۆیان پێویست دەبن لە بازاڕی کار و کۆمەڵگادا.
بە پشتبەستن بە ئەنجامەکان، پێشنیاز کرا کە سیستەمی پەروەردە زیاتر سەرنجی لەسەر بەرزکردنەوەی توانا کۆمەڵایەتییەکانی مامۆستاکان بێت لە بەرنامەکانی وانەگوتنەوەدا، بە تێکەڵکردنی چالاکییە کارلێک کارەکان و گرووپەکان کە هانی خوێندکاران دەدەن بۆ بەشداریکردن و هاوکاریکردن.

**وشە سەرەکییەکان**
دیداکتیک،
کارامەیی کۆمەڵایەتی،
کارلێک،
فێرکردن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**یەکەم- چوارچێوەی گشتی توێژینەوە :**

**١.کێشەی توێژینەوە:**

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، پرسیاری پەیوەندی نێوان میتۆدەکانی فێرکردن و پەرەپێدانی کارامەیییەکانی خوێندکاران بووە بە بابەتێکی ناوەند و گرنگ. سیستەمی پەروەردەی ئەمڕۆ، هەرچەندە بەردەوام لە گۆڕان و نوێ بوونەوەدایە، بەڵام زۆر جار تەرکیزی لەسەر لایەنی ئەکادیمی دەکات و گرنگی کەم دەدات بە گەشەپێدانی کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکان. داتای نێودەوڵەتی وەک (OECD ,2019, p. 34) و (UNESCO ,2020, p. 17), پشتڕاستی دەکاتەوە، کە نا هاوسەنگییەک هەیە نێوان پەرەپێدانی زانستی و کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەرچی پلەی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەکاندا بەرزە، بەڵام لە تواناکانی دیکەدا لاوازن، بە تایبەتی لە کارامەیییە گرنگەکانی وەک: توانای پەیوەندیکردنی کاریگەر، کارکردنی بەکۆمەڵ، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، خۆڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هەست و سۆز، و تێگەیشتن لە ڕوانگەی کەسانی دیکە. بەپێی ڕاپۆرتی(World Economic Forum, 2023, pp,9–11)ئەم کارامەیییانە لە سەرەوەی ئەو توانایانەن، کە بازاڕی کار لە داهاتوودا داوایان دەکات، هەرچەندە توێژینەوەی ((Deming & Kahn ,2018, p. 12)نیشان داوە، کە نزیکەی 70% لە هەلەکانی کار لە سەر بنەمای نەبوونی ئەم کارامەیییانەوە سەرچاوە دەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، (UNESCO ,2021, p. 25)داوای دەکات کە گەشەپێدانی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بابەتە سەرەکییەکانی خوێندن، نەک تەنیا بەدەستهێنانی زانیاری. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا داتا و توێژینەوەکان کەمتر گرنگیان داوە، بە چۆنیەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی دیداکتیک و میتۆدەکانی فێرکردن لەسەر گەشەپێدانی ئەم کارامەیییانە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ڕووناکی بخاتە سەر ئەوەی، تا چ ڕادەیەک ستراتیژە دیداکتیکییەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لە بەرزکردنەوەی کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکاران، ئەمەش پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەیە:

–-تا چ ڕادەیەک دیداکتیک و میتۆدەکانی فێرکردن کاریگەرییان لەسەر بەرزکردنەوەی کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکاران هەیە؟

**٢ .گرنگی توێژینەوەکە:**

لە بواری پەروەردەدا، پەیوەندی نێوان دیداکتیک (وانەگوتنەوە) و کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکان. دیداکتیک تەنیا پێدانی زانست ناگرێتەوە، بەڵکوو ئامرازێکی کاریگەرە بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی کارامەیی خوێندکاران. ئەم توێژینەوەیە لەو پەیوەندییە دیالێکتیکییە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان دیداکتیک و پەرەسەندنی کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. ئەم توێژینەوەیە بەهۆی زیاتر بوونی ڕاهێنانە نوێیەکان و گۆڕانی ڕەوشی خوێندن گرنگی تایبەتی هەیە، گرنگییەکەشی خۆی لە دوو ئاستدا دەبینیتەوە، کە ئەمانەن:

**گرنگی تیۆری:**

- :ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت چوارچێوەیەکی تیۆریی پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندی نێوان دیداکتیک و پەرەسەندنی کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکانی پێ شرۆڤە بکات.
- پڕکردنەوەی کەلێنی زانستی لە بواری پەیوەندی نێوان دیداکتیک و کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکان.
- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە توێژینەوەیەکی نوێ لەم بوارەدا.
- دانانی بابەتی کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکان لە مەنهەجی خوێندندا، لە هەمان کاتدا بەرەوپێشبردنی تێگەیشتنی خوێندکاران لە پرۆسەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتی.

**گرنگی پراکتیکی:**

- یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی میتۆدی دیداکتیکی کاریگەرتر بۆ پەرەپێدانی کارامەیی خوێندکاران.
- باشترکردنی سیاسەتەکانی پەروەردە لە ڕووی گرنگیدان بە کارامەیییە کۆمەڵایەتییەکان.
- پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی پراکتیکی بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن.
- گەشەپێدانی بەرنامەی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ مامۆستایان کە تێیدا فێری بەکارهێنانی میتۆدی دیداکتیکی گونجاو

ببن بۆ پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان.

- پێشکەشکردنی پێوەری هەڵسەنگاندنی نوێ کە تەنیا جەخت لەسەر لایەنی زانستی نەکەنەوە، بەڵکوو لایەنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانیش بگرێتەوە.
- باشترکردنی توانای خوێندکاران لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

**٣ .ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە

ئامانجی سەرەکی:

أ. شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دیداکتیک و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران.

ب. شیکردنەوە و لێکدانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان چەمک و تیۆرییەکانی توێژینەوەکە.

**٤ .سنوورەکانی توێژینەوەکە**

أ. سنووری بابەتی: ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان شێوازەکانی وانەگوتنەوە (دیداکتیک) و پەرەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو خوێندکاراندا.

ب. سنووری کات: ئەم توێژینەوەیە شیکاری یە لە ماوەی سێ مانگ ئەنجام دراوە، لە ساڵی ٢٠٢٥.

ج. سنوری شوێن: سنووری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە شاری ڕانیەیە، کە تێیدا خوێندگا ئامادەییەکانی سنووری شاری ڕانیە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەن.

**٥ .میتۆدۆلۆژیی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای میتۆدی شیکاری یە، کە دامەزرێنەری پەیوەندی نێوان شێوازەکانی وانەگوتنەوە (دیداکتیک) و پەرەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانە لەنێو خوێندکاراندا. بۆیە، ئەم ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی وەسفی شیکاری، لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیاری تیۆرییە پەروەردەییەکان کە پەیوەندییان بە دیداکتیکەوە هەیە، و شیکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو کە باسی ڕۆڵی مامۆستایان دەکات لە پێشخستنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان وەک پەیوەندیکردن، کاری تیمی و چارەسەرکردنی کێشەکان. هەروەها، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیانە بەراورد دەکرێن بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی شێوازەکانی وانەگوتنەوە لەسەر لێهاتوویی کۆمەڵایەتی خوێندکاران، هەروەها ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بەڵگەی تیۆری و پراکتیکی پێشکەش دەکرێت.

هەنگاوەکانی ڕێبازی میتۆدی شیکاری تیۆری بەم شێوەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:

أ. کۆکردنەوەی زانیاری تیۆری:

ئەدەبیاتی پەیوەست بە دیداکتیک و شێوازەکانی کۆ دەکرێتەوە، جگە لە توێژینەوەکانی پێشوو کە باسیان لە کاریگەریی شێوازەکانی وانەگوتنەوە لەسەر لێهاتوویی کۆمەڵایەتی خوێندکاران کردووە.

**ب. پێداچوونەوە بە ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشوو:**

لێرەدا سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەردەگرین، لەبارەی ڕۆڵی مامۆستایان لە پێشخستنی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان، وەک پەیوەندیکردن، کاری تیمی و چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ دیاریکردنی کاریگەرترین شێوازەکانی وانەگوتنەوە . هەروەها چەندین توێژینەوەی زانستی وەک(2001) Durlak, ، Gresham, Sugai & Homer (2011) Weissberg & Dymnicki، (2006) Meier & O. ، (1996) Mathur & Rutherford و Pearson (2005)کاریان لەسەر پێوانە کردنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی، وەک کارکردنی گرووپی، توانای پەیوەندیکردن و چارەسەرکردنی کێشە کردووە. هەموو ئەو توێژینەوانە، چۆنیەتی کاریگەری شێوازەکانی وانەگوتنەوە ڕوون دەکەنەوە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکاران.

**ج. شیکاری تیۆرییە پەروەردەییەکان:**

لێرەدا سوود لە چەند ئاراستەیەکی تیۆری وەرگیراوە، وەک تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی لە لایەن(Vygotsky (1978 ، تیۆری فێربوونی مەعریفی ، لە(Piaget (1970 ، تیۆری وانەگوتنەوەی(Dewey (1938 ، تیۆری Sociocultural لە(John-Steiner & Mahn (1996 ، هەروەها مۆدێلی Cooperative Learning لە Johnson & Johnson (2009)، ئەو تیۆرییانەی کە پەیوەندی نێوان شێوازەکانی وانەگوتنەوە و پەرەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون دەکەنەوە شی دەکرێنەوە، هەروەها ئەو مۆدێلانەش کە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا کاریگەرییان سەلماندووە دەستنیشان دەکرێن.

**د. بەراوردکردنی ئەنجامەکان:**

ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو بەراورد دەکرێن لەگەڵ داتای تیۆری بۆ دەستنیشانکردنی لێکچوون و جیاوازییەکان، ئەمەش ڕوونکردنەوەیەکی گشتگیر لەبارەی کاریگەریی شێوازەکانی وانەگوتنەوە لەسەر لێهاتوویی کۆمەڵایەتی خوێندکاران دەدات.

ە. دەرەنجامەکان:

لە کۆتاییدا، دەرەنجامە پراکتیکییەکان لەسەر بنەمای شیکاری تیۆری دەردەچن، لەگەڵ پێشنیازەکان بۆ باشترکردنی شێوازەکانی وانەگوتنەوە بۆ بەرزکردنەوەی توانا کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران.

**دووەم- دیاریکردن وپێناسەکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

پرۆسەی پێناسەکردنی چەمک و زاراوەکان بە هۆی گرنگییەکەیەوە بە هەنگاوی یەکەمی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، بەو پێیەی زاراوە بۆ هەموو پسپۆڕێک گرنگە، یەکەم بلۆکی بنیاتنەرە لە بنیاتنانی مەعریفەدا، هەروەها وەک دەگوترێت «زاراوە کلیلی زانستە»، هەر لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە دەستنیشانی چەمکە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بکەین کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە.

**ا. دیداکتیک**

ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە (١٦٥٧)، لە پەروەردەدا وەک هاوواتای هونەری فێرکردن بەکارهاتووە لەلایەن کۆمێنیۆس [1]یان کۆمێنیۆسەوە کە بە باوکی ڕۆحی پێداگۆژی دادەنرێت، ئەو لە ساڵی ١٦٥٧، لە کتێبی (دیداکتیکای ماگنا) دا بەڕوونی دیداکتیک وەک هونەری وانەگوتنەوە ناساند. دەشڵێت کە تەنیا هونەرێک نییە بۆ وانەگوتنەوە، بەڵکوو هونەرێکە بۆ فێرکردن. وشەی دیداکتیک بە گوێرەی کۆمینیۆس ئاماژەیە بۆ گەیاندنی زانست بۆ مرۆڤەکان (Comenius, 1657,p. 47)

دیداکتیک جەخت لەسەر ڕۆڵی مامۆستا دەکاتەوە لە گەیاندنی ناوەڕۆکی زانیاری و ڕێنمایی کردنی خوێندکاران، کە ئامانجی تایبەت لێی بەدەستهێنانی فێربوونە. هەروەها پەیوەندی دیداکتیک ئاماژەیە بە پرۆسەی گەیاندنی زانیارییەکان لە مامۆستاوە بۆ فێرخواز بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ. لە هەمان کاتدا ئامانجی ئاسانکارییە بۆ فێربوون لە ڕێگەی پەیوەندی و ڕوونکردنەوەی کاریگەرەوە.(Wertsch, 1991, p. 112)

دیداکتیکییەکان تەکنیک و ستراتیژی فێرکارین کە گواستنەوەی زانست و کارامەییەکان لە پێشینەی کارەکانیان دادەنێن. شێوازە دیداکتیکییەکان بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە وتار، نمایش، ڕاهێنان و فۆرمەکانی تری فێرکردنی ڕاستەوخۆ کە ئامانجیان گەیاندنی زانیاری تایبەت و گەیشتنە بە ئامانجەکانی فێربوونە(Smith, 2005, p. 35)

فێرکردنی دیداکتیک وەک مۆدێلێک پێناسە دەکرێت کە جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز و مەنهەج دەکاتەوە. هەوڵی ئەوە دەدات شێوازە دیداکتیکییەکان لەگەڵ ژینگە پەروەردەییە مۆدێرنەکاندا بگونجێنن بۆ بەرزکردنەوەی دەرەنجامەکانی فێربوون (Birkholz, 2018) .لە یەکێک لە نوێترین پێناسەکانیشدا، دیداکتیک وەک شێوازێکی فێرکاری پێناسە دەکرێت کە جەخت لەسەر گواستنەوەی ڕاستەوخۆی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ خوێندکار دەکاتەوە لە ڕێگەی وانەی ڕێکخراو و ڕوونکردنەوەی گونجاو و پێشکەشکردنی سیستماتیکی وانەکان، بە ئامانجی دڵنیابوون لەوەی کە خوێندکاران لە ڕێگەی شێوازە دیداکتیەکانەوە زانیاری و لێهاتوویی بەدەست دەهێنن ,Johnson) .

2023,123)

بەکارهێنانی دیداکتیک لە سەرچاوە کوردییەکاندا زۆر کەمە، لەجیاتی چەمکی دیداکتیک لە زۆربەی سەرچاوە کوردییەکان وشەکانی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە یان شێوازەکانی وانەگوتنەوە بەکار دێت، هەڵبەت بەکارهێنانی ئەم وشانە لەژێر کاریگەری سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان دان، هەرچەندە چەند سەرچاوەیەکی کوردی کەم هەن کە چەمکی دیداکتیک هاوواتای وانەگوتنەوە بەکارهێناوە، لە هەمان کاتدا ماوەیەکە لە وەزارەتی پەروەردە ی هەرێمی کوردستان دەستکراوە بە گۆڕینی وشەکانی (شێواز و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە) بۆ چەمکی (دیداکتیک) لە ڕێسا و پرۆگرامەکانی خوێندندا. لە دەرەنجامی بەدواداچوونمان لە سەرچاوە بیانییەکان بۆمان دەرکەوت چەمکی دیداکتیک باشتر و گونجاوترە، لەبەر ئەوەی دیداکتیک هەم چەمکە هەم فراوانتر و زانستی ترە لەچاو وشەی (شێواز یاخود ڕێگاکانی) وانەگوتنەوە.

**پێناسەی تیوری توێژەر**- دیداکتیک بریتییە لە هونەر و میتۆدی وانەگوتنەوە، وانەگوتنەوەش بریتییە لە کۆمەڵێک کردار، یان ڕێکار و پلان کە مامۆستا بەڕێوە دەبات و فێرخوازان بەشداریی تێدا دەکەن، یاخود بریتییە لە لەو بنەما و تەکنیکانەی کە مامۆستایان بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی خوێندکاران فێری زانست و کارامەیی کۆمەڵایەتی بکەن. بۆیە وانەگوتنەوە چەندین ستراتیژی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت کە پەروەردە کاران بەکاری دەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربوون. ئەم شێوازانە لەسەر بنەمای تیۆرییە پەروەردەییەکان دامەزراون و بە شێوەیەک داڕێژراون کە خزمەت بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی فێرخوازان بکەن.

**ب. کارامەیی کۆمەڵایەتی**

لە ڕاستی دا، ئاسان نییە پێناسەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا بۆ کارامەیی کۆمەڵایەتی بکەین، بەهۆی فراوانی ئەم چەمکە و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم چەمکەدا ڕوویان داوە، بەڵام لێرەدا چەند پێناسەیەک هەڵدەبژێرین کە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەمان نزیک و کۆک بێت.

مێرتۆن(١٩٦٩)، بپێوایە کارامەیی کۆمەڵایەتی بریتییە لە توانای گواستنەوە و لێکدانەوەی پەیامەکان بە شێوەیەکی کاریگەر لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، کە کارامەیی زمانەوانی، تێگەیشتنی کۆنتێکست و نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت .(Merton, 1968, p. 200) ، کۆمەڵناس بلومەر، لێهاتوویی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵە کارامەیی و زانیارییانەی کە تاکەکان بەکاری دەهێنن بۆ بەڕێوەبردنی کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە وانەش تێگەیشتن لە نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی کاریگەر و ڕەفتاری گونجاو .(Blumer, 1969, p. 120) کامپبێل پێی وایە "کارامەیی کۆمەڵایەتی پێک دێت لە ڕەفتار و زانیاری کۆمەڵایەتی، هەروەها زانینی ئەوەی چی بکەین و کەی بیکەین، لەبەر ئەوە کارامەیی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ زانیاری و لێهاتوویی مرۆڤ بۆ کارلێک کردن لەگەڵ کەسانی دیکە . (Campbell, 1994, p. 89)

ماتور و هاوکارەکانی (1996) کارامەیی کۆمەڵایەتی وەک شێوازێکی پەسەندکراوی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەن کە ڕێگە بە خوێندکاران دەدات پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن و خۆیان بە دوور بگرن لە دۆخە کۆمەڵایەتییە نەگونجاوەکان. "کەسی کارامە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە توانای بەڕێوەبردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە بە تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی کاریگەرانە بۆ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی .(Mathur & Rutherford, 1996, p. 21) "ئەوان پێیان وایە ئامانجی ڕاهێنان لە کارامەیی کۆمەڵایەتیدا نابێت تەنیا لە فێرکردنی کارامەیی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لە چوارچێوەیەکدا سنووردار بکرێت، بەڵکوو دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی کارامەیی گشتی بێت کە کۆمەڵێک لە کارامەیی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت کە وەڵامی پەسەندکراو لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەدەست دەهێنێت، بۆیە ئەوان لێهاتوویی کۆمەڵایەتی "وەک فرە کارامەیی کۆمەڵایەتی گشتگیر پێناسە دەکەن کە بەشدارن لە گونجاندنی کۆمەڵایەتی لە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا(Mathur & Rutherford, 1996, p. 22) .

گرێشام، سوگای و هۆمەر (2001) پێناسەی کارامەیی کۆمەڵایەتییان فراوانتر کرد و سەرنجیان زیاتر لەسەر پەیوەندیی ڕەفتار و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی بوو، لەبری ئەوەی تەنیا چاودێری ڕەفتار بکەن، ئەوان پێیان وایە کە کارامەیی کۆمەڵایەتی دەبێت فێر بکرێت و بەشداری پێ بکرێت، بۆ ئەوەی تاک وەک کەسێک قبووڵکراو بێت لە ڕووی کۆمەڵایەتیی

و پیشەییەوە (Gresham, et al., 2001). یاخود کۆمەڵێک ئەزموون و کرداری فێرکراون کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پراکتیزە دەکرێن، بە جۆرێک کە بەشدار بن لە گۆڕینی ڕەفتار بە وازهێنان لە وەڵامە نەرێنییە قبووڵنەکراوەکانی کۆمەڵگە و پەسەندکردنی وەڵامە ئەرێنییە پەسەندکراوەکان وەک (گونجان، هاوکاری و بەشداریکردن) ، لەبەر ئەوەی زۆر ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ دەرکەوتنی کارامەیی کۆمەڵایەتی، بۆیە پێویستە کە کار لەگەڵ سێ بوار سەرەکی بکرێت بۆ باسکردنی کارامەیی کۆمەڵایەتی: یەکەم جەختکردنەوە، دووەم خۆ کۆنترۆڵکردن، سێیەم هاوکاری. هەموو ئەو کردارە تاکەکەسییانەی کە کارامەیی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن، دەکەونە یەکێک لەو سێ بوارە .(Meier, 2006, p. 410)

"کارامەیی کۆمەڵایەتی ئەو ڕەفتارە فێربوونانەن کە کارلێک کردن و پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئاسان دەکەن. ئەم کارامەییانە لە ڕێگەی پرۆسەی کۆمەڵایەتیکردنەوە پەرەیان پێ دەدرێت و گرنگن بۆ سەرکەوتن لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکاندا.(Mooney, et al., 2017, p. 321) ".

کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان هەموو ئەو زانیاری و لێهاتووییانە لە خۆ دەگرێت کە پێویستن بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر وەک توانای پەیوەندیکردنی زارەکی و نا زارەکی، تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و توانای دامەزراندن و پاراستنی پەیوەندییەکان .(Giddens, 2018, p. 146). تورنەر، لێهاتوویی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «توانای بەدەستهێنانی ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییانەیە کە پێویستن بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی باش لەگەڵ ئەوانی دیکە، وەک (توانای تێگەیشتن، هاوڕێیەتی، هێمنی و نەبوونی خۆپەرستی)،هەموو ئەمانە گرنگن بۆ دروستکردنی پێکەوەژیان لە ژینگەی کۆمەڵایەتییەکاندا. یاخود دەتوانرێت کارامەیی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسە بکرێت کە "ڕەفتارە فێربوونی قبووڵکراوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کە مرۆڤ دەتوانێت کارلێک لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکات بە شێوەیەک کە وەڵامی ئەرێنی بەدەست بهێنێت(Turner, 2020, p. 203) ».

لە ئەنجامی جۆراوجۆری پێناسەکانی سەرەوە، پێناسەکردنی چەمکی کارامەیی کۆمەڵایەتی ئاسان نییە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێناسە زۆرانەی کە زانایان و توێژەران بۆ چەمکی کارامەیی کۆمەڵایەتی پێشکەشیان کردووە، بەڵام لەژێر ڕۆشنایی تێگەیشتن لە پێناسەکانی سەرەوە دەتوانین

پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان، بریتییە لە توانای تاک بۆ پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەوانی تر، لە هەمان کاتدا توانای تاک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەگەڵ توانای بەڕێوەبردنی ڕۆڵ و پێگەکەی بە شێوازێکی کاریگەر و سەرکەوتوو. .

**سێیەم- توێژینەوەکانی پێشوو**

لەم چوارچێوەی توێژینەوەکانی پێشوودا، پێداچوونەوە و شیکردنەوەی کۆمەڵێک توێژینەوەی پەیوەندیدارە، کە بە گرنگیدانیان بە بابەت و بواری توێژینەوەکە هەیە. ئەم توێژینەوەیانە هاوبەشن لە گەڕان بەدوای پەیوەندی نێوان شێوازەکانی وانەگوتنەوە (دیداکتیک) و کاریگەرییەکانیان لەسەر پەرەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو خوێندکاراندا. لێرەدا، چەند توێژینەوەیەکی پێشوو (هاوشێوە، نزیک) دەخەینە ڕوو، کە تایبەتن بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە، بە ئامانجی ئاگادار بوون لە جۆر و چۆنیەتی توێژینەوەکان لەم پەیوەندییەدا.

**-توێژینەوە ناوخۆییەکان:**

مەبەستمان لەو توێژینەوانەیە، کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون.

**١. ئەحمەد (2022)**

کاریگەری بەکارهێنانی هەندێک لە ستراتیژییەکانی وانەگوتنەوە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنان لای خوێندکارانی پەروەردەی هونەر لە بابەتی پرۆژەدا: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی – کوردستان. (ئەحمەد، ٢٠٢٢)

گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە

١ .زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەکان (ئەندێشە کردن، دژ بە یەک، پرۆژە) بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای خوێندکارانی قۆناخی چوارەمی پەروەردەی هونەر لە پرۆژەی دەرچوون بە بەراورد بە ڕێگا ئاساییەکە بۆ گوتنەوەی هەمان بابەت.

٢ .زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەکان (ئەندێشە کردن، دژ بە یەک، پرۆژە) بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی قۆناخی چوارەمی پەروەردەی هونەر لە پرۆژەی دەرچوون بە بەراورد بە ڕێگا ئاساییەکە بۆ گوتنەوەی هەمان بابەت.

لەم توێژینەوە بەپێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە (میتۆدی ئەزموونی) بەکار هێنراوە، دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە بریتی بوو (لە دیزاینی ئەزموونی خاوەنی چوار کۆمەڵە) (التصمیم التجریبی ذی المجموعات الاربع).

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە خوێندکارانی قۆناخی چوارەمی بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٢١- ٢٠٢٢) کە ژمارەییان (١٠١) خوێندکاری کوڕ و کچ بوو.

نموونەی توێژینەوەکە پێک هاتبوو لەو خوێندکارانەی کە بابەتی وێنەکێشانیان هەڵبژاردووە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانییان کە (٢٤) خوێندکار بوون کە بەسەر چوار کۆمەڵە دابەش کرابوون.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە خۆی لە بەکارهێنانی دوو پێوەر دەبینێتەوە، یەکەم: پێوەری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە لەسەر پلەبەندی (پیتەر فاشیۆن) بنیاتنراوە. دووەم: پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە پێی بنەما پێوەرەکانی (هەوەرد ڕۆدسێتی، گڵفۆرد، تۆرانس). بۆ دۆزینەوەی ئەنجام و داتاکانی توێژینەوەکە ئامرازە ئامارییەکانی وەک: تی تێست، ئەنۆڤا، پەیوەندی پێرسن بەکارهاتوون.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بوو.

١ .بوونی کاریگەری بەکارهێنانی پلانە ستراتیژییەکان (ئەندێشە کردن، دژ بە یەک، پرۆژە) بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەگشتی لای خوێندکارانی قۆناخی چوارەمی پەروەردەی هونەر لە بابەتی پرۆژەی دەرچوون لە بواری وێنەکێشان دا.

٢ .بوونی کاریگەری بەکارهێنانی پلانە ستراتیژییەکان (ئەندێشە کردن، دژ بە یەک، پرۆژە) بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەگشتی لەلایەنی تیۆری و پراکتیکی لای خوێندکارانی قۆناخی چوارەمی پەروەردەی هونەر لە بابەتی پرۆژەی دەرچوون لە بواری وێنەکێشان دا.

**٢ .البرزنجی(2022)**

کاریگەریی ئاوێتەکردنی هەندێک لە ستراتیژەکانی فێربوونی کارا لە وانەگوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەدەستهێنانی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی. (البرزنجی، ٢٠٢٢)

توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی - کوردستان بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت-لە زانکۆی سلێمانی ئەنجامدراوە لە ڕێگاکانی وانەگوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە لە زانینی کاریگەریی ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ لە ستراتیژەکانی فێربوونی کارا لە وانەگوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ مێژوو

میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدی نیمچە ئەزمونگەرییە بۆ دوو گرووپی هاوتا و سەربەخۆ بە تاقیکردنەوەی کۆتایی. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە خوێندکاریانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی لە هەر دوو بەڕێوەبەریتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢) ژمارەی خوێندکاران (١٦٢٥٨) خوێندکاری بوو دابەش بوون بەسەر (٢٤٨) قوتابخانەدا. نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی قوتابخانەی قامشلۆ کە بە شێوەیەکی مەبەست دار هەڵبژێررا لە ناوەندی شاری سلێمانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوا.

ئامرازی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) ی بەکارهێناوە بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی توێژینەوە و

شیکردنەوەی داتاکان و گەیشتن بە ئەنجامەکان.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

أ. لە تێکەڵ کردنی هەرسێک (ستراتیژی فێربوونی هاوتەمەنان، نەخشەکانی ژیریی، سێکوچکەی گوێگرتن). بووە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی بەدەستهێنانی خوێندنیان.

ب. جۆراوجۆری چالاکییەکانی ستراتیژە بەکارهاتووەکانن وای لە خوێندکاریان کرد بە باشی لە بابەتەکە تێ بگەن و سەرکەوتن بە دەست بهێنن.

ج. ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ لە یەک وانەیەکدا وانەکە چێژ بەخش و سەرنج ڕاکێش دەکات لای خوێندکاریان، بەهۆی هەمەجۆری ئەنجامدانی چالاکی.

د. بەکارهێنانی سێ ستراتیژ بەیەکەوە بەشێوەی ئاوێتە دەبێتە هۆی ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکەکەسی، بە شێوەیەکی باشتر بە بەراورد بە ڕێگا باوەکانی وانەگوتنەوە.

ه. بەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێربوونی کارا کۆمەڵێک ستراتیژی نوێ لە خۆ دەگرێت کە جەخت لەسەر بەشداریی چالاکانەی خوێندکار دەکاتەوە و دەبێت خوێندکاری تەوەرەی سەرەکی پرۆسەی فێربوون بێت، ئەمەش گونجاوە و هاوشانی بۆچوونە نوێیەکان و پێداویستییەکانی پەروەردەی نوێیە.

خاڵی نەرێنی ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی نوێی وانەگوتنەوە پێویستی بە کاتی زۆرە بە بەراورد بە بەکارهێنانی یەک ڕێگا و ستراتیژی وانەگوتنەوە.

**-توێژینەوە بیانییەکان:**

مەبەستمان ئەو توێژینەوانەن، کە لە سەر ئاستی جیهان و دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان و عێراق ئەنجام دراون.

### 1. Pearson (2005)

The Relationship of Social Competence and Behavioural Learning with Academic Achievement. (Pearson, 2005)

{پەیوەندی کارامەیی کۆمەڵایەتی و فێربوونی ڕەفتاری بە دەستکەوتی زانستی}

ماستەرنامەیەکە لە زانکۆی ویلایەتی پێنسیلڤانیا لە ئەمریکا بەدەستی هێناوە، ئامانجی ئەم توێژینەوە زانینی پەیوەندی نێوان کارامەیی کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری فێربوون و دەستکەوتی زانستی بوو، بەتایبەتی بۆ ئەو منداڵانەی کە لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی شارێکی کەم داهات لە شاری بالتیمۆر لە ویلایەتی میریلاند دەخوێنن.

ئامانجی توێژینەوەکە: تێگەیشتنێکی زیاتر لە پەیوەندی کارامەیی کۆمەڵایەتی و فێربوونی ڕەفتاری کە بەشدارە لە دەستکەوتی زانستی، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پشکنین بۆ چەندین گۆڕاو کراوە کە پێشتر دەرکەوتبوو کاریگەرییان لەسەر دەستکەوت هەیە.

بەشداربووانی توێژینەوەکە بریتی بوون لە ٧٢ خوێندکار کە ئەوانەی لە پۆلی یەکەم و دووەم خوێندوویانە لە قوتابخانەی ناوبراو.

ئەنجامەکانی توێژینەوە ئاماژەیان بەوە داوە کە توانای قوتابخانە و ڕەفتاری فێربوون هەردووکیان کاریگەری ڕاستەوخۆی بەرچاویان لەسەر دەستکەوتی زانستی هەیە. هەروەها توانای قوتابخانە و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆ و بەرچاویان لەسەر ڕەفتارەکانی فێربوون هەبووە. بەڵام پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی و ڕەگەز ڕۆڵی کەمتریان هەبووە لەسەر دەستکەوتی زانستی.

### 2. McMurtry 2016.

Practical aspects of effective teaching in online higher education courses. (McMurtry, 2016)

لایەنە پراکتیکییەکانی وانەگوتنەوەی کاریگەر لە کۆرسە ئۆنلاینەکانی خوێندنی باڵا.

کێشەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە چۆن ڕاهێنەرانی زانکۆ دەتوانن دڵنیا بن لەوەی کە فێرکردن و فێربوونی کاریگەر لە کۆرسە ئۆنلاینەکانیاندا ڕوو دەدات. پرسیارەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لە:

ا. باشترین پراکتیزەکانی وانەگوتنەوە بە شێوەی ئۆنلاین لە خوێندنی باڵادا چین بەپێی توێژینەوەکانی ئێستا؟

ب. چۆن ڕاهێنەرە نموونەکانی ئۆنلاین ئامادەییان لە وانەگوتنەوە دا بە یاسایی دەکەن؟

ئامانجی ئەم توێژینەوە تێگەیشتن و وەسفکردنی میتۆدەکانی وانەگوتنەوەیە لە فاکەڵتییە ئۆنلاینە نموونەکان، هەروەها بە نموونەیی مەبەستدار چوار ڕاهێنەری نموونەیی ئۆنلاین دەستنیشان کرد، کە لە دامەزراوە جیاوازەکانی ئەمریکادا لە بەشە جیاوازەکاندا وانەیان دەگوتەوە.

لەم توێژینەوەدا میتۆدی کەیس ستەدی بەکارهاتووە، لە هەمان کاتدا کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتی بوو لە چاوپێکەوتن، چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی نیمچە ڕێکخراو، پشکنینی مەلزەمە و چاودێری کەرەستەی کۆرسەکان.

شیکاری داتاکان بریتی بوو لە خوێندنەوەی ورد و کۆد کردنی دووبارەی هەموو داتا کۆکراوەکان و پاشان کەمکردنەوەی کۆدەکان بۆ بەڕێوەبردنی ژمارەکان لە بابەتەکاندا.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتوون: پەیوەندی مرۆیی و ژینگەی ڕێکخراو.

ڕاهێنەرە نموونەکانی ئۆنلاین هەوڵ دەدەن پەیوەندی لەگەڵ خوێندکاران دروست بکەن بۆ ئەوەی خوێندکاران پشتگیری و ڕێزی ڕاهێنەرەکە بزانن. هەروەها ڕاهێنەرە نموونەکانی ئۆنلاین ژینگەیەکی گونجاو و داڕێژراو فەراهەم دەکەن کە بە شێوەیەکی لۆژیکی ڕێکخراوە.

ئەم ئەنجامانە بەشدارن لە فێربوونی خوێندکاران و باشترکردنی پێداگۆژیە ئۆنلاینەکەیان لە کۆرسە ئۆنلاینەکاندا، لە دەرەنجامی ئەوەشدا پرۆسەی وانەگوتنەوە و فێربوون لە خولەکەکانیاندا بەرز دەبنەوە.

**٣ .محمد(2017)**

*شێوازەکانی وانەگوتنەوە و پەیوەندییان بە سیستەمی کوالیتی لەژێر ڕۆشنایی چاکسازییەکانی زانکۆدا* (نعیمة, ٢٠١٧)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی واقیعی شێوازەکانی وانەگوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆیە بە لێهاتوویی خوێندکاران، هەروەها ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە زاڵبوونە بەسەر ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەمەش پێویستی بە بوونی سیستەمێکی زانستی هەیە کە بتوانێت سەرکردایەتی گۆڕانکارییەکە بکات بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر، لە هەمان کاتدا گرنگترین بەربەستەکان دەستنیشان بکات کە ڕێگرن لە وەبەرهێنانی سەرمایەی مرۆیی، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانێت وەڵامی پێویستی گۆڕانکارییە خێراکان بداتەوە لە ئاستی ناوخۆیی و جیهانیدا. نموونەی هەڵبژێرراوی ئەو توێژینەوەیە بریتی بوون لە (310) یەکە دابەشی سەر ٦٠ مامۆستای زانکۆ و ٥٠ ئەندام لە ناو سیستەمی کارگێڕیی زانستی و ٢٠٠ خوێندکاری ماستەر لە زانکۆی یەحیا بن فاریس لە ویلایەتی المدیة، لە هەر یەکەیان لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکان، کۆلێژی زانستە ئابوورییەکان، زانستە بازرگانییەکان و کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان بوون، بەپێی کۆلێژ دابەش کراون و بە بەکارهێنانی نموونەی چیندار، توێژەر میتۆدی شیکاری وەسفی بەکارهێناوە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا، لە هەمان کاتدا توێژەر ئامرازێکی چاوپێکەوتنی ڕێک نەخراو و پرسیارنامە بەکارهێناوە وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری.

لە گرنگترین ئەنجامەکان کە توێژەر پێی گەیشتووە:

سیستەمی زانکۆ بەدەست لاوازیی کوالیتی شێوازی وانەگوتنەوە و کوالیتی پرۆسەی وانەگوتنەوە دەناڵێنێت، کە ناتوانێت بەشداری بێ لە پەرەپێدانی کەسایەتی خوێندکاران لە لایەنە مەعریفی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکانیدا.

## خشتەی(١) بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

| توێژینەوە | ساڵ | ناوەرۆک | میتۆد | ئامراز | بەژداربووەکان | قەبارەی نموونە | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| توێژینەوە ناوخۆییەکان | | | | | | | |
| (ئەحمەد, 2022) | ٢٠٢٢ | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەکان (ئەندێشەکردن، دژبەیەک، پرۆژە) لەسەرگەشەپێدانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و داهێنان | میتۆدی ئەزموونی | پێوەری بیرکردنەوەی رەخنەگرانە (پیتەر فاشیۆن) و پێوەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە | خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی پەروەردەی هونەر لە زانکۆی سلێمانی | ٢٤ خوێندکار دابەشکراو بەسەر چوار کۆمەڵەدا | ستراتیژیەکانی (ئەندێشەکردن، دژبەیەک، پرۆژە) کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و داهێنەرانە. |
| (البرزنجي, 2022) | ٢٠٢٢ | کاریگەریی ئاوێتەکردنی ستراتیژەکانی فێربوونی کارا لەسەر فێربوونی خوێندکاران | میتۆدی نیمچە ئەزموونگەری (دوو گرووپی هاوتا) | پرسیارنامە و ئامرازی ئاماری (SPSS) | خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی سلێمانی | خوێندکارانی قوتابخانەی قامیشلۆ لە شاری سلێمانی | ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ بووە هۆی بەرزبوونەوەی کارامەیی خوێندکاران و چێژبەخشکردنی وانەکان. |
| توێژینەوە بیانییەکان | | | | | | | |
| Pearson, (2005) | ٢٠٠٥ | توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان توانا، کارامەیی کۆمەڵایەتی، رەفتاری فێربوون و دەستکەوتی زانستی | میتۆدی کەیس ستەدی | چاوپێکەوتن، چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی، پشکنینی مەلزەمە، چاودێریکردنی کۆرسەکان | ڕاهێنەرە نموونەییەکانی ئۆنلاین لە دامەزراوە جیاوازەکانی ئەمریکا | چوار ڕاهێنەری نموونەیی ئۆنلاین | ڕاهێنەرە نموونەییەکان پەیوەندی لەگەڵ خوێندکاران دروست دەکەن و ژینگەیەکی گونجاو فەراهەم دەکەن. |
| McMurtry, (2016) | ٢٠١٦ | توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان کارامەیی کۆمەڵایەتی، رەفتاری فێربوون و دەستکەوتی زانستی | میتۆدی وەسفی-شیکاری | سیستەمی هەڵسەنگاندنی کارامەیی کۆمەڵایەتی (SSRS)(پێوەرەکانی رەفتاری فێربوون، تاقیکردنەوەی توانای ئۆتیس-لێنۆن OLSAT-8 | خوێندکارانی پۆلی یەکەم و دووەم لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە شاری بالتیمۆر | ٧٢ خوێندکار | توانای قوتابخانە و رەفتاری فێربوون کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر کارامەیی کۆمەڵایەتی و ئاستی فێربوون. |
| (نعيمة, 2017) | ٢٠١٧ | دیاریکردنی واقیعی شێوازەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆ و پەیوەندییان بە سیستەمی کوالیتی | میتۆدی شیکاری وەسفی | چاوپێکەوتنی ڕێکنەخراو و پرسیارنامە | مامۆستایانی زانکۆ، ئەندامانی کارگێری زانستی و خوێندکارانی ماستەر لە زانکۆی یەحیا بن فاریس | ٦٠ مامۆستای زانکۆ، ٥٠ ئەندام کارگێری، ٢٠٠ خوێندکاری ماستەر | سیستەمی زانکۆ بەدەست لاوازیی کوالیتی شێوازی وانەوتنەوە و کوالیتی پرۆسەی وانەوتنەوە دەناڵێنێت. |

## خشتەی بەراوردکاری توێژینەوەکان

خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان:

**خاڵە هاوبەشەکان:**

1. هەموو توێژینەوەکان لە بواری پەروەردە و فێرکارین.
2. زۆربەیان گرنگی بە شێوازەکانی وانەگوتنەوە و کاریگەرییان لەسەر کارامەییەکانی خوێندکاران دەدەن.
3. زۆربەی توێژینەوەکان لەڕووی ئامانج و ئەنجامەوە تا ڕادەیەک لە یەک نزیکن.

**خاڵە جیاوازەکان:**

1. توێژینەوەکان ئەنجام دراون لە قۆناخە جیاوازەکانی خوێندن وەک (قۆناخی سەرەتایی، زانکۆ).
2. میتۆدە بەکارهاتووەکان جیاوازن (وەسفی، ئەزموونی، کەیس ستەدی). لەم توێژینەوەشدا، میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە.
3. قەبارەی نموونەکان و شێوازی هەڵبژاردنیان جیاوازن.
4. توێژینەوەکان لە وڵات و کولتووری جیاوازدا ئەنجامدراون (ناوخۆیی، دەرەکین).

لە کۆتاییدا، ئەم پێنج توێژینەوەیە لەسەر بابەتە جیاوازەکانی پەروەردە و فێرکردن، دیدێکی فراوانمان پێ دەدەن دەربارەی ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی فێربوون هەیە و چۆن دەتوانرێت لە ڕێگای ستراتیژییە نوێیەکانەوە ئاستی کارامەیی و فێربوونی خوێندکاران بەرز بکرێتەوە.

**چوارەم- تیۆری توێژینەوەکە:**

بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دیداکتیک و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان، پشت بە تیۆری کۆمەڵایەتی دەبەستین. ئەم تیۆرییە ئامانجی شیکردنەوەی کاریگەریی شێوازە فێرکارییەکانە (دیداکتیک) لەسەر پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران، و چۆنیەتی بەرزکردنەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ بەدەستهێنان و پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی کاریگەر لەناو ژینگەی پەروەردەدا بەم شێوەیی خوارەوە.

**-تیۆری سۆسیۆ-کولتوری (لیڤ ڤیگۆتسکی)**

توێژینەوەکە پشت بە تیۆریی سۆسیۆ-کولتووریی دەبەستێت، کە لە لایەن دەروونناسی سۆڤیەتی لیڤ سێمیۆنۆڤیچ ڤیگۆتسکی (١٨٩٦-١٩٣٤) داڕێژراوە، یەکێکە لە کاریگەرترین تیۆرییەکانی بواری دەروونناسی پەروەردەیی و پەرەپێدانی مرۆیی لە سەدەی بیستەمدا. ئەم تیۆرییە کە لە سەردەمی سۆڤیەتدا پەرەی سەند، دوای چەندین دەیە گەیشتە جیهانی ڕۆژئاوا و کاریگەری قووڵی لەسەر بیرکردنەوەی پەروەردەیی جێ هێشت. جەوهەری تیۆرییەکەی ڤیگۆتسکی بریتییە لەوەی کە فێربوون و پەرەپێدانی مرۆڤ بەرهەمی کارلێکی کۆمەڵایەتی و پرۆسە کولتوورییەکانە. بەپێی ڤیگۆتسکی، پەرەپێدانی هزری بەس نییە بۆ پەرەپێدانی توانا مەعریفییەکان، بەڵکوو کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەی کولتووری ڕۆڵێکی سەرەکیی دەگێڕن لە چۆنیەتی بیرکردنەوە و فێربوونی تاکەکاندا. ڤیگۆتسکی لە کتێبەکەی "Mind in Society: The Development of Higher Psychological Processes" کە لە ساڵی ١٩٧٨ بڵاو کرایەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هەموو کارە هزرییە باڵاکان (بیرکردنەوە، پەرەپێدانی عەقڵ) لە ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرن" ئەم بۆچوونە بە تەواوی جیاوازە لە تێڕوانینی زۆربەی دەروونناسانی سەردەمەکەی کە تەرکیزیان لەسەر پرۆسە ناوەکییەکان دەکرد بەبێ ڕەچاوکردنی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی-کولتووری(Vygotsky, 1978, p. 57) .

**پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی خوێندکاران بەپێی تیۆری ڤیگۆتسکی**

لیڤ سیمیۆنۆڤیچ ڤیگۆتسکی (١٨٩٦-١٩٣٤) کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بواری دەروونناسی پەروەردەیی و زانستی فێربوون جێ هێشتووە. تیۆرییەکەی ناسراوە بە تیۆری پەرەسەندنی سۆسیۆ-کولتوری، کە جەختێکی زۆر لەسەر کاریگەریی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پەرەسەندنی مێشکی مرۆڤ و توانا هزرییەکان دەکاتەوە. بەپێی ڤیگۆتسکی، فێربوون ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە پێش ئەوەی ببێتە پرۆسەیەکی کەسی. دەڵێت ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەوروبەر کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و فێربوونی تاکەکان هەیە. تیۆرییەکەی ڤیگۆتسکی

ڕۆڵێکی سەرەکی بە مامۆستایان دەبەخشێت وەک یارمەتیدەر (هاوکار) ی پرۆسەی فێربوون لە ڕێگەی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان. مامۆستا لە تێڕوانینی ڤیگۆتسکیدا تەنیا کەسێک نییە زانیاری ببەخشێت، بەڵکوو ڕێکخەر و پاڵپشتێکی چالاکە کە یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتی و هزرییەکانیان لە ڕێگەی دیالۆگ و کارلێکی کۆمەڵایەتی. (Kozulin, 2003, p. 15)

**تیۆرییەکەی ڤیگۆتسکی لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی پێکهاتووە، ئەمانەن:**

**ناوچەی پەرەپێدانی نزیک :(ZPD)** چەمکێکی بنەڕەتییە لە تیۆری ڤیگۆتسکی کە زۆربەی جار پشتگوێ دەخرێت، بەڵام زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی مامۆستا لە پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران. ڤیگۆتسکی ناوچەی پەرەپێدانی نزیک وەک ئەو بۆشاییە پێناسە دەکات کە دەکەوێتە نێوان ئەوەی خوێندکارێک دەتوانێت بە تەنیا ئەنجامی بدات و ئەوەی دەتوانێت بە هاوکاری کەسانی شارەزاتر (وەک مامۆستا یان هاوەڵێکی شارەزاتر) ئەنجامی بدات ،(Kozulin, 2003, p. 16)، لەم بۆشاییدایە کە فێربوونی ڕاستەقینە ڕوو دەدات. مامۆستای کاریگەر ئەو کەسەیە کە دەتوانێت ئەم ناوچەیە بناسێتەوە و ستراتیژی گونجاو پەرە پێ بدات بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران لە تێپەڕاندنی ئەم بۆشاییە. لە کاتێکدا کە خوێندکارێک کار لەسەر ئەرکێک دەکات کە دەکەوێتە ناو ناوچەی پەرەپێدانی نزیکییەوە، مامۆستا دەتوانێت هاوکاری و ڕێنماییە پێویستەکان پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی خوێندکارەکە کارامەییەکانی خۆی پەرە پێ بدات. ئەم جۆرە پشتگیرییە، کە ڤیگۆتسکی بە "پشتگیری کاتی" ناوی دەبات، بەرەبەرە کەم دەکرێتەوە کاتێک خوێندکارەکە سەربەخۆیی زیاتر بەدەست دەهێنێت (John-Steiner & Mahn, 1996, p. 191) .ئەمە پرۆسەیەکی دینامیکی یە کە تێیدا مامۆستا بەردەوام پشتگیری خۆی ڕێک دەخات بەپێی پێشکەوتنی خوێندکار، ئەمەش وا دەکات فێرخوازەکە لە سنووری تواناکانی خۆی تێ دەپەڕێت بەرەو ئاستێکی باڵاتر. ئەم پرۆسەیە ناتوانرێت هەروا بەئاسانی ڕوو بدات، بۆیە پێویستی بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند هەیە.

**زمان** :ڤیگۆتسکی باوەڕی وایە کە زمان ئامرازێکی سەرەکییە کە لە ڕێگەیەوە خوێندکاران دەتوانن چەمکە هزرییەکان پەرە پێ بدەن. کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی دیالۆگ و گفتوگۆ، پرۆسێسی فێربوون بەهێز دەکەن. کاتێک خوێندکارێک لەگەڵ هاوەڵەکانی یان مامۆستا گفتوگۆ دەکات، بیرۆکەکانی خۆی ڕوون دەکاتەوە، بیرۆکە نوێیەکان تاقی دەکاتەوە و پرسیار دەکات (John-Steiner &Mahn, 1996, p. 192) .ئەم جۆرە کارلێکانە یارمەتی خوێندکاران دەدەن کە چەمکەکان بە قووڵی تێ بگەن و توانای شرۆڤەکردن و ڕەخنەگرتنیان پەرە پێ بدەن. مامۆستای کاریگەر ئەو کەسەیە کە ژینگەیەکی گونجاو پێک دەهێنێت لەناو پۆلدا، کە هانی خوێندکاران بدات بۆ دیالۆگی کراوە و بەشداری چالاکانە. ئەم جۆرە مامۆستایانە هەلی زۆر بۆ گفتوگۆ دەڕەخسێنن، هانی خوێندکاران دەدەن کە پرسیاری قووڵ بکەن. لە هەمان کاتدا بوار دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی خوێندکاران بیرۆکەکانیان لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوە. لە ڕێگەی ئەم جۆرە کارلێکیانەوە، خوێندکاران نەک تەنیا چەمکەکان فێر دەبن، بەڵکوو ئەو کارامەییە کۆمەڵایەتییانەش پەرە پێ دەدەن کە پێویستن بۆ سەرکەوتن لە پرۆسەی خوێندندا(Daniels, 2016, p. 101) .

**فێربوونی هاوکارانە** :بنەمایەکی سەرەکی تیۆری ڤیگۆتسکییە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران. کاتێک خوێندکاران پێکەوە کار دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش، ئەوا فێری ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە، هاوکاریکردن و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەبن .(Wertsch, 1985, p. 59) مامۆستا دەتوانێت هەلی فێربوونی هاوکارانە دروست بکات لە ڕێگەی پرۆژەی گرووپی، چالاکی چارەسەرکردنی کێشە و دیبەیتەکان. لەم جۆرە ئەرکانەدا، خوێندکاران بە هەموو توانایەکەوە دەتوانن سوود لە کارلێکەکان وەربگرن. هەروەها خوێندکارە کەم تواناکان دەتوانن فێر ببن لە خوێندکارە بەتواناکان، ئەوانەی توانای زیاتریان هەیە دەتوانن زانین و تێگەیشتنی خۆیان قووڵتر بکەنەوە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی چەمکەکان بۆ کەسانی تر. دواجار هەموویان سوودمەند دەبن(Kozulin, 2003, p. 17) .

**ڕۆڵی کولتوور** :ڤیگۆتسکی جەخت لەسەر ڕۆڵی کولتوور لە فێربوون و پەرەسەندن دەکاتەوە. ئەو باوەڕی وایە کە ئامرازە کولتوورییەکان، وەک زمان، نیشانەکان، و چیرۆکەکان، یارمەتی ڕێکخستنی بیرکردنەوەی تاک دەدەن. مامۆستا

دەتوانێت ئەم ئامرازانە بەکار بهێنێت وەک نێوانگیری بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران لە تێگەیشتن لە چەمکە ئاڵۆزەکان. بۆ نموونە، مامۆستایەک دەتوانێت چیرۆک یان وێنە بەکار بهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکێکی زانستی ئاڵۆز (Daniels,2016, p. 102)، ئەم جۆرە نێوانگیرییانە یارمەتی خوێندکاران دەدات کە پەیوەندی دروست بکەن لە نێوان زانینی نوێ و ئەو زانیارییانەی پێشتر زانیویانە، ئەمەش پرۆسەی فێربوونییان باشتر دەکاتەوە. هەروەها، مامۆستا دەتوانێت جیاوازی کولتووری خوێندکاران لەبەرچاو بگرێت و ڕێزیان لێ بگرێت، لەم ڕێگەیەوە خوێندکاران فێری بەهای بەیەکەوە ژیانی دیموکراسی و کارلێکی ئەرێنی دەبن. پەرەپێدانی ئەم جۆرە کولتووره زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی کەشێکی پۆلی فرە کولتووری . (John-Steiner & Mahn, 1996, p. 196)

**ڕۆڵی مامۆستا** :بەپێی تیۆری ڤیگۆتسکی، ڕۆڵی مامۆستا گۆڕاوە لە گواستنەوەی زانیاری بەرەو ڕۆڵی ئاسان کار و ڕێکخەری ژینگەی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا فێربوونی کاریگەر ڕوو بدات. مامۆستا دەتوانێت ئەمە جێبەجێ بکات لە ڕێگەی دیزاینکردنی ئەرکێک کە پێویستی بە هاوکاری و کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە، لەم ئەرکەدا دەبێت مامۆستا پشتگیری خوێندکاران بکات، هەروەها دەبێت مامۆستا ژینگەیەکی گونجاو لە پۆلدا دروست بکات کە خوێندکاران هەست بە سەلامەتی و خۆشی بکەن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتر. (Daniels, 2016, p. 105)، سەرەڕای ئەمانەش هاندانی گفتوگۆی قووڵ و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. مامۆستایەکی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە هاوسەنگییەکی باش لە نێوان ڕێنوێنی ڕاستەوخۆ و دەرفەتی سەربەخۆدا دەدۆزێتەوە، بە شێوەیەک کە خوێندکاران بتوانن پشت بە پشتگیری مامۆستا ببەستن کاتێک پێویستیانە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتی ئازادییان هەبێت کە توانا زانین و کۆمەڵایەتی خۆیان پەرە پێ بدەن(Wertsch, 1985, p. 62) .

لە کۆتاییدا، تیۆرییەکەی ڤیگۆتسکی جەخت لەسەر گرنگی هەڵسەنگاندنی بەردەوام و فیدباکی کاریگەر دەکاتەوە. لە ڕێگەی چاودێریکردنی بەردەوامی پێشکەوتنی خوێندکاران، مامۆستا دەتوانێت (ناوچەی پەرەپێدانی نزیکی) هەر خوێندکارێک دیاری بکات و پشتگیری تایبەتی پێشکەش بکات کە پێویستە بۆ یارمەتیدانیان لە تێپەڕاندنی ئەم ناوچەیە. کاتێک خوێندکاران پێش دەکەون، مامۆستا دەتوانێت پشتگیرییەکانی ڕێک بخاتەوە و ئاستی سەربەخۆیی زیاتر بدات بە خوێندکاران. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بەردەوامە زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی زانیاری و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران.

ئەم تیۆرییە پەیوەندی تایبەتییەکانی نێوان مامۆستا و خوێندکاران لە ژێر چوارچێوەیەکی سۆسیۆ-کولتووری ڕوون دەکاتەوە. هەروەها ئەوەش دەردەخات کە هەموو پرۆسە فێرکارییەکان بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکانەوە گەشە دەکەن. سەرەڕای ئەمانەش تیۆرییەکە پشتیوانی ئەوە دەکات کە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران بە شێوەیەکی جیاواز پەرەیان پێ دەدرێت، لە ژێر ڕاهێنان و چالاکییە هاوبەشییەکانی مامۆستا و کۆمەڵگا.

بەکورتی، بەپێی تیۆری سۆسیۆکولتوری ڤیگۆتسکی، مامۆستا دەتوانێت لە وانەگوتنەوەدا ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەبێت لە پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران، ئەمەش لە ڕێگەی فێربوونی هاریکاری و کارلێک و زمانی گفتوگۆ دەبێت. لەگەڵ گۆڕینی ڕۆڵی سەنتەر بوونی مامۆستا بۆ ڕۆڵی یارمەتیدەر و ڕێنیشاندەر (نەک تەنیا گواستنەوەی زانیاری)، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی دروستکردنی ژینگەی فێربوونی کاریگەر کە تێیدا کارامەییە کۆمەڵایەتی و ئاستی فێربوونی خوێندکاران بەرز دەکاتەوە.

**ڕۆڵی مامۆستایان لە پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران**

**١ .مۆدێل کردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گونجاو**

مۆدێل کردن لەلایەن مامۆستایانەوە ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەبینێت لە فێرکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران. ئەلبێرت بەندورا (١٩٧٧) لە پەرتووکی "تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی" جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی منداڵان بەشێکی زۆری فێربوونیان لە ڕێگەی چاودێری و لاسایی کردنەوەی هەڵسوکەوتی کەسانی گەورەیە. کاتێک مامۆستا لەگەڵ هاوکارانی بە ڕێزەوە قسە دەکات، بە پەرۆشەوە گوێ لە کێشەکان دەگرێت، یان لە کاتی هەڵچوون هێمنی خۆی دەپارێزێت، خوێندکاران ئەو نموونانە دەبینن و وەریدەگرنەوە .(Bandura, 1977, pp. 22-24) ) توێژینەوەکانی

بەندورا پیشانیدا منداڵان زیاتر لاسایی ئەو کەسانە دەکەنەوە کە لە باری دەروونییەوە نزیکن لێیان یان دەسەڵاتیان هەیە .(Bandura, 1977, p. 89) ) .بەپێی توێژینەوەکانی کاترین میلێر لە پەرتووکی "دەستتێوەردانە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگەکان" مامۆستایان دەبێت ئاگاداری مۆدێلی هەڵسوکەوتەکانیان بن، پێویستە پەیوەندییەکی کاریگەر، بڕیاردانی ئەخلاقی و میتۆدی چارەسەری ناکۆکی بنیات بنێن، چونکە خوێندکاران زۆربەی کات چاودێری هەڵسوکەوتی مامۆستایان دەکەن و لێیانەوە فێر دەبن. ئەمە ڕێگەیەکی سروشتی و کاریگەرە بۆ دروستکردنی بنەمایەکی بەهێز بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی-هەستی خوێندکاران(Miller, 2010, pp. 176–179) .

**٢ .چالاکییە هاریکارییەکان**

پێشکەشکردنی چالاکییە هاریکارییەکان دەرفەتێک دروست دەکات کە تێیدا خوێندکاران بتوانن ڕاهێنان لەسەر کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان بکەن و پەرەیان پێ بدەن، بەپێی تیۆری فێربوونی هاریکاری کە لەلایەن دەیڤید و ڕۆجەر جۆنسۆن گەشەی پێدراوە لە پەرتووکی "فێربوونی هاریکاری لە پۆلدا .«Johnson & Johnson, 2009, p. 48) ) "میلەر و هاوڕێکانی پێیان وایە: کاتێک خوێندکاران پێکەوە کار دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش، ئەوا دەرفەتی زێڕینیان بۆ دروست دەبێت بەهۆی هەماهەنگی، دانوستان و پاڵپشتی یەکترییەوە. بە شێوەیەکی گشتی چالاکییە هاریکارییەکان کارامەییەکانی وەک ڕێزگرتن، گوێگرتن، هاوسۆزی، و چارەسەری ناکۆکی بەهێز دەکەن–Miller, 2010, pp. 128) 129«. سلاڤین لە توێژینەوەکانیدا لەسەر "فێربوونی هاریکاری و شکستی ئەکادیمی" ئەوەی دەرخست کە چالاکییەکانی وەک پرۆژەی تیمی، پێکهاتەی جیگسۆ، و ڕۆڵ گێڕان، ئەگەر بەرێک و پێکی و بەردەوامی ئەنجام بدرێن، ئەوا خوێندکاران بەباشی فێری ئەو کارامەییانە دەبن کە بۆ پەیوەندییە سەرکەوتووەکان پێویستن، لەپاڵ ئەوەشدا دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ تاقیکردنەوەی جیاواز و فێربوونی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان ,Slavin) . 2014, pp. 75–76)

**٣ .دروستکردنی ژینگەی پشتگیری**

ژینگەی پشتگیری زەمینەیەک دروست دەکات کە تێیدا کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکەن. نێڵ نۆدینگز، لە پەرتووکی "چاودێری لە پەروەردە: ڕوانگەیەکی جیاوازی بۆ چەمکی " پۆلی چاودێریکراو" داڕشت، کە تێیدا خوێندکاران هەست بە سەلامەتی، ڕێز و پشتگیری دەکەن. بەپێی نۆدینگز , کاتێک مامۆستایان سەرنج لە پەیوەندییەکان دەدەن، گوێ لە خوێندکاران دەگرن و متمانەیان پێ دەکەن، ئەوا پەیوەندی پتەو دروست دەبێت کە بناغەی گەشەی کۆمەڵایەتی تەندروستە(Noddings, 2013, p. 98) .

ئالفی کۆهن لە پەرتووکی "دروستکردنی کۆمەڵگای خوێندن" باس لە گرنگی بەشدارییپێکردنی خوێندکاران لە دانانی ڕێساکانی پۆل دەکات، کە بە "ڕێکەوتنی پۆل" ناسراوە. ئەم پرۆسەیە یارمەتی خوێندکاران دەدات هەست بەوە بکەن کە دەوریان هەیە و بەرپرسیارێتی هەڵسوکەوتی خۆیان لە ئەستۆ دەگرن(Cohen, 2012, p. 125) .

**٤ .هاندانی گفتوگۆ و باسکردن**

دروستکردنی دەرفەتی بەردەوام بۆ گفتوگۆ و باسکردن لە پۆلدا، ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران. ماتیو لیپمان لە پەرتووکی "فەلسەفە بۆ منداڵان: باش بیرکردنەوە لە پۆلدا" تەکنیکێکی داڕشت کە بە "کۆمەڵگای توێژینەوە" ناسراوە، کە بە هۆیەوە خوێندکاران لە بازنەیەکدا دادەنیشن و بابەتە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکەن. ئەم تەکنیکە، وەک لە توێژینەوەی لیپمان دەرکەوتووە، نەک تەنیا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەرە پێ دەدات، بەڵکوو کارامەییەکانی وەک نۆرە گرتن، گوێگرتن و ڕێزگرتن بۆچوونی بەرامبەر بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر دەکات (Lipman, 1980, pp. 120–126) .کاترین کادول لە توێژینەوەکەی "بەکارهێنانی بازنەکانی گفتوگۆ بۆ پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان" دەری خست کاتێک مامۆستایان بازنەی گفتوگۆی ڕۆژانە دروست دەکەن، خوێندکاران بە پەرۆش دەبن بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زیاتر بایەخ بە بیرۆکەی جیاواز دەدەن و دەتوانن لە کاردانەوەی هەڵچوونیی دوور بکەونەوە (Cadwell, 2018, p. 208) .تەکنیکی "ئەنجوومەنی پۆل" کە لەلایەن تارا براون لە پەرتووکی "دەستتێوەردانە کۆمەڵایەتی-هەستەکان لە خوێندنگە" داڕێژراوە، چوارچێوەیەکی

ڕێکخراو پێشکەش دەکات بۆ خوێندکاران تاکوو چۆنیەتی هونەری گفتوگۆ فێر بن و چۆن لەسەر ناکۆکی قسە بکەن بە شێوەیەکی ڕێزدارانە، هەموو ئەمانە کارامەیی گرنگی کۆمەڵایەتین کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا پێویستن (Brown, 2014, p. 62) .

**٥ .بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ**

بەکارهێنانی سەرچاوە دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ستراتیژی کاریگەری بەرچاوی هەبێت لە پەرەپێدانی توانا کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران لە سەردەمی ئەمڕۆدا. کریستا ڕیبڵ و مایک ڕیبڵ لە کتێبی "هاووڵاتی بوونی دیجیتاڵ: پاراستن و توانا دار کردنی منداڵان و لاوان لە جیهانی ئۆنلاین 'جەختیان لەسەر گرنگی ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی کارلێک کردنی گونجاو لە ژینگە ئۆنلاینەکان کردووەتەوە، کە ئەمڕۆ بووەتە بەشێکی گرنگ لە توانا دار کردنی خوێندکاران (Ribble & Ribble, 2019, p. 42) .ئەوان پێشنیازی ئەوە دەکەن کە مامۆستایان پێویستە چالاکی مەبەست دار دابڕێژن کە خوێندکاران فێر بکەن چۆن ڕەفتار بکەن لە جیهانی دیجیتاڵ بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و ڕێزدارانە .(Ribble & Ribble, 2019, p. 97) توێژینەوەی لینا کارک و تێری کاڤانا لەسەر "بەکارهێنانی تەکنۆلۆژی بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی خوێندکارانی سەرەتایی و ناوەندی" دەریان خست کاتێک مامۆستایان بە شێوەیەکی ستراتیژی ئەپ و پرۆگرامەکان بەکار دەهێنن کە تایبەتن بە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا خوێندکاران زیاتر هەڵسوکەوتی گونجاو فێر دەبن، لە هەمان کاتدا پەرۆشیان زیاتر دەبێت بۆ ڕاهێنان و وەرگرتنی کارامەییەکان، لەپاڵ ئەمانەشدا دەتوانن پەیوەندی باشتر لە نێوان دۆخی فێربوون و جێبەجێکردنی ڕاستەقینە دروست بکەن.(Clark & Cavanaugh, 2018, p. 88) ، جەیمس گی لە کتێبی "فێربوونی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی دیجیتاڵ" پێشنیازی دەکات مامۆستایان دەتوانن چیرۆکی دیجیتاڵ، یاری و شێوازی "واقیعی مەجازی" بەکار بهێنن بۆ دروستکردنی سیناریۆی کۆمەڵایەتی کە خوێندکاران بتوانن بە شێوەیەکی سەلامەت مەشقی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بکەن (Gee, 2017, p. 134) .

**٦ .بەکارهێنانی سەرچاوە ئەدەبییەکان**

چیرۆک و ئەدەب توانایەکی بەهێزیان هەیە بۆ فراوانکردنی دونیا بینی خوێندکاران و گەشەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانیان. کاتێک خوێندکاران چیرۆک دەخوێننەوە، لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە ئەزموونی هەستە جیاوازەکان دەکەن و فێری هاوسۆزی دەبن. ئەمەش یارمەتییان دەدات بۆ تێگەیشتن لە دیدگای کەسانی تر و بەهێزکردنی تواناکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ژیانی ڕاستەقینەدا.

گفتوگۆکردن لەسەر چیرۆک و ئەدەب لە پۆلدا، هانی خوێندکاران دەدات کە بیروڕای خۆیان دەربڕن و گوێ لە بیروبۆچوونی کەسانی تر بگرن. لێرەدا مامۆستا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی کەشێکی دڵنیا کە خوێندکاران بتوانن تێیدا گفتوگۆی کراوە و ڕێزدارانە بکەن. ئەم کارلێک کردنە کۆمەڵایەتییانە بەشێکی گرنگن لە گەشەسەندنی کەسایەتی خوێندکاران.

هەروەها، چیرۆک دەتوانێت یارمەتی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بدات. لە ڕێگەی خوێندنەوەی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکان لەگەڵ ئاستەنگەکان، خوێندکاران مۆدێلی جیاواز فێر دەبن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان(Mar, et al., 2009, p. 410) .

لە کۆتاییدا، ئەدەب پردی پەیوەندی نێوان کولتوورە جیاوازەکان دروست دەکات. خوێندنەوەی چیرۆکی کولتوورە جیاوازەکان، خوێندکاران ئاشنا دەکات بە بیروباوەڕ و نەریتە جیاوازەکان، کە ئەمەش هۆشیاری کولتووری و لێبووردەیی لەناویاندا پەرە پێ دەدات. ئەم توانایانە لە دونیای فرە کولتووری ئەمڕۆدا زۆر بەنرخن.

**٧ .هەڵسەنگاندنی بەردەوام و فیدباک**

هەڵسەنگاندنی بەردەوام و پێشکەشکردنی فیدباک، بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی پەرەپێدان کە مامۆستایان نابێت پشتگوێی بخەن. دێڤید وێستون و ڕەیچڵ پاینز لە پەرتووکی "هەڵسەنگاندن بۆ فێربوونی کارامەییە کۆمەڵایەتی-هەستەکان"

جەختیان لەسەر گرنگی هەڵسەنگاندنی فۆرماتیڤ کردەوە (Weston & Pines, 2014, p. 44) .ئەوان ڕێنمایی دەکەن مامۆستایان دەبێت ئامرازی هەڵسەنگاندن بەکار بهێنن کە پێشکەوتنی خوێندکاران تۆمار بکەن لە بوارەکانی وەک هاوسۆزی، چارەسەری کێشە و خۆڕێکخستن، نەک تەنیا تواناکانی ئەکادیمی (Weston & Pines, 2014, pp. 79–80) .

ستیفانی جۆنز و مێری پارک لە توێژینەوەکەیان "کاریگەری فیدباکی فۆرماتیڤ لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی" دەری خست ئەو خوێندکارانەی بە شێوەیەکی بەردەوام فیدباکی تایبەت وەردەگرن لەسەر هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیان، بە بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵ، پەرەسەندنی خێراتر و بەردەوامتریان هەبووە لەم بوارەدا، لە هەمان کاتدا فیدباک دەتوانێت یارمەتی خوێندکاران بدات لە خۆ هەڵسەنگاندن و گۆڕینی هەڵسوکەوتەکانیان. سەرەڕای ئەوەش ئەم دوو زانایە باس لە گرنگی پەیامی "بیری گەشە دەکەن و دەڵێن: کاتێک فیدباک دەدرێت بە خوێندکاران واتە جەختکردنەوە لەسەر هەوڵدان و پێشکەوتن، کە ئەمەش بناغەیەکی گرنگە بۆ گەشەی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە خوێندکاران تێ دەگەیەنرێن ئەم کارامەییانە دەکرێت پەرەیان پێ بدرێت و باشتر بکرێن، وەک هەر توانایەکی دیکە (Jones & Park, 2015, pp. 125–135) .

**٨ .پێشکەشکردنی ڕاهێنانی ڕاستەوخۆ:**

پێشکەشکردنی ڕاهێنانی ڕاستەوخۆ لەسەر کارامەیی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی سیستماتیک و پلاندار، ڕێگەیەکی بنەڕەتییە کە مامۆستایان دەتوانن لە ڕێگەیەوە پەرە بە تواناکانی خوێندکاران بدەن. بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بۆ فێربوونی ئەکادیمی، کۆمەڵایەتی و هەستی (CASEL) لە ڕاپۆرتی (چوارچێوەی فێربوونی کۆمەڵایەتی-هەستی) فێرکردنی کارامەییەکانی وەک ناسینەوەی هەست، گوێگرتنی کاریگەر و دانوستان هەموویان بەشێکن لە بەرنامەی خوێندن .(CASEL &;;; (Collaborative for Academic, Social, and Emotional, 2020, pp. 43–42)

دۆرلاک، وەیسبێرگ و هاوکارانیان"کاریگەرییە هزرییەکانی بەرنامەی فێربوونی کۆمەڵایەتی-هەستییەکان" دەرخست کە پرۆگرامە SEL پێکهاتووەکان نەک تەنیا کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان باشتر دەکەن، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرچاو کارایی ئەکادیمیش بەرز دەکەنەوە. هەروەها شێوازی "Step By Step" ، ڕێگەیەکی ڕوون دەخاتە ڕوو بۆ فێرکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان کە پێکهاتووە لە: شیکردنەوەی کارامەیی، پیشاندانی نموونە، مەشقکردن لەژێر سەرپەرشتی و پاشان مەشقکردنی سەربەخۆ. کاتێک ئەم کارامەییانە بە شێوەیەکی چالاک، بەردەوام و لە دۆخی ڕاستەقینە فێر دەکرێن، ئەوا خوێندکاران توانای جێبەجێکردنیان لە دەرەوەی پۆل باشتر دەبێت (Durlak & Weissberg, R. P., et al, 2011, p. 413) "

لە ڕێگەی مۆدێلی تیۆری ڤیگۆتسکی لە ڕاڤەکردنی پەیوەندی نێوان دیداکتیک و لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە فێرکردندا، سوود لەم تیۆرییە وەردەگیرێت بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی:

- کارلێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە ژینگەی فێرکردندا.
- ڕۆڵی گرنگی مامۆستا لە ڕێنمایی و یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی.
- فێربوونی هاوبەش لە نێوان قوتابییەکان بۆ پتەوکردنی هاوکاری و بنیاتنانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان.
- زمان وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوە و فێربوون لە ڕێگەی دەربڕین و گفتوگۆ.

**خشتەی ٢)** (پوختەی مۆدێلی تیۆری پێشکەش دەکات، کە ڕێگایەک دەخاتە ڕوو بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو پۆلی خوێندندا لە ڕێگەی کارلێکی دووقۆڵی نێوان مامۆستا و خوێندکاران، هەروەها لە نێوان خوێندکاران خۆیاندا.

**خشتە (٢) تیۆری ڤیگۆتسکی لە ڕاڤەکردنی پەیوەندی نێوان دیداکتیک و لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی**

| مۆدێل و تیۆری | ڕاڤەکردن و تیۆرییە بنەڕەتییەکان | چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە فێرکردندا (دیداکتیک و لێهاتوویی کۆمەڵایەتییەکان) |
|---|---|---|
| تیۆری کۆمەڵایەتی-کولتووری (لیڤ ڤیگۆتسکی) | تیۆری ڤیگۆتسکی پشت دەبەستێت بە چەمکی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کاریگەری ژینگەی کولتووری لەسەر فێربوونی تاکەکان. ئەو پێی وایە کە فێربوون تەنها لە ئاستی تاکەکەسیدا ڕوو نادات، بەڵکو لە ڕێگەی کارلێک لەگەڵ ئەوانی تردا دەبێت. | سوود لەم تیۆرییە وەردەگیرێت لە فێرکردنی قوتابییەکان لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان مامۆستا و خوێندکاران، کە ئەم کارلێکە یارمەتی دەدات لە پتەوکردنی لێهاتوویی کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ڕێنمایی و هاوکاری. |
| ناوچەی نزیک لە گەشەسەندن (ZPD) | ئەمە وەک مەودای نێوان ئەوەی خوێندکار دەتوانێت بە تەنها ئەنجامی بدات و ئەوەی دەتوانێت بە یارمەتی کەسێکی شارەزاتر ئەنجامی بدات پێناسە دەکرێت. | لە دیداکتیکدا، مامۆستا دەتوانێت ناوچەی گەشەسەندنی نزیک بەکاربهێنێت بۆ یارمەتیدانی قوتابییەکان لە گواستنەوەیان لە ئاستێکی فێربوونی نزمەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر لە ڕێگەی پشتگیری کارلێکی. |
| کارلێکی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان | ڤیگۆتسکی پێی وایە کە فێربوون لە سیاقێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات، کە تێیدا کارلێک لەگەڵ ئەوانی تر یارمەتی تێگەیشتن و گەشەی کەسیی دەدات. | فێربوونی هاوبەش لە دیداکتیکدا بەکاردێت لە ڕێگەی دابینکردنی ژینگەی فێرکردنی کارلێکی لە نێوان قوتابییەکان، کە ئەمەش کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی کاریگەر پتەو دەکات. |
| ڕۆڵی مامۆستا وەک "یارمەتیدەر" لە پرۆسەی فێرکردندا | مامۆستا تەنها گوازەرەوەی زانین نییە، بەڵکو "یارمەتیدەر"ێکە کە پشتگیری قوتابییەکان دەکات لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا و یارمەتیان دەدات لە گەشەپێدانی کارامەییەکانیان. | مامۆستا دەتوانێت ببێت بە یارمەتیدەرێکی کۆمەڵایەتی لە دیداکتیکدا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پشتگیری و ڕێنمایی بۆ خوێندکاران بە شێوەیەکی کارلێکی، کە یارمەتی گەشەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێک لە نێوان قوتابییەکان دەدات. |
| زمان وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوە و فێربوون | زمان وەک ئامرازی سەرەکی دادەنرێت کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت شتی نوێ فێربین و کارلێک لەگەڵ ئەوانی تر بکەین. | دیداکتیک پشت دەبەستێت بە پتەوکردنی بەکارهێنانی زمان بۆ تواناداکردنی قوتابییەکان لە دەربڕینی بیرۆکەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر و هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و فراوانکردنی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی. |
| فێربوونی هاوبەش | فێربوونی هاوبەش بە بەردی بناغەی تیۆری ڤیگۆتسکی دادەنرێت؛ کە تێیدا کارلێک لەگەڵ هاوڕێیان یارمەتی پتەوکردنی پرۆسەی فێرکردن دەدات. | دیداکتیک دەبێت پشت ببەستێت بە فێربوونی هاوبەش، کە تێیدا خوێندکاران دەتوانن کارلێک لەگەڵ یەکتر بکەن لە گرووپدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییە هاوبەشەکان، کە ئەمەش لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانیان پتەو دەکات. |

**جێبەجێکردنی لە فێرکردندا.**

## پێنجەم- ئەنجامەکان و دەرەنجامەکان توێژینەوەکە

### أ. ئەنجامەکان

ئەنجامەکان ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە گرنگی جێبەجێکردنی ستراتیژی پەروەردەیی یەکگرتوو دەکەن کە پشتگیری لە کارلێکی خوێندکاران و کاری تیمی دەکەن، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە ڕۆڵی مامۆستا لە بەرزکردنەوەی ئەم کارامەییەکان.

-پەیوەندی نێوان مامۆستا و گەشەپێدانی لێهاتوویییە کۆمەڵایەتییەکان: پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ڕۆڵی مامۆستا لە پرۆسەی خوێندن و پەرەپێدانی لێهاتوویییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو خوێندکاراندا.

-پەیوەندی نێوان دیداکتیک و کاری تیمی: دیداکتیک پشت بە بەرزکردنەوەی کاری نێوان مامۆستا و خوێندکار دەبەستێت، هەروەها لە نێوان خودی خوێندکارەکاندا، ئەمەش بەشدارە لە باشترکردنی لێهاتوویییە کۆمەڵایەتییەکانی

وەک هاوکاری و پەیوەندیکردن.

-ڕۆڵی مامۆستا لە پەرەپێدانی هاوکاری: مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دابینکردنی ژینگەیەکی فێربوون کە هاندەری هاوکاری نێوان خوێندکاران بێت، ئەمەش توانا کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی چالاکییەکانی گرووپەوە بەرز دەکاتەوە.

-گرنگی هاوکاری لە پرۆژەی گرووپیدا: کاری گرووپی توانای خوێندکاران بۆ پەیوەندی کاریگەر و چارەسەرکردنی کێشەکان پێکەوە بەرز دەکاتەوە، ئەمەش بەشدارە لە بەرزکردنەوەی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکانیان.

-بەکارهێنانی ستراتیژی وانەگوتنەوە جۆراوجۆرەکان: بەکارهێنانی ستراتیژی وانەگوتنەوە جۆراوجۆرەکان توانا کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران بەرز دەکاتەوە و یارمەتییان دەدات پەرەپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردن و هاوکاریکردن.

-ڕۆڵی مامۆستایان لە هاندانی بەشداری چالاکانە: ئەو مامۆستایانەی کە ڕۆڵی ڕێبەر و ئاسانکاری دەگرنە ئەستۆ نەک تەنیا وانەبێژ زیاتر بەشداری دەکەن لە باشترکردنی توانا کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران.

-کاریگەری ژینگەی فێربوون: ژینگەیەکی فێربوون کە پشتگیری لە هاوکاری بکات و کارلێک کردن لەنێوان خوێندکاراندا بەرەو پێش ببات، دەبێتە هۆی باشترکردنی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان.

-تەکنۆلۆژیا و پەروەردەی دیجیتاڵی: بەکارهێنانی دروستی تەکنۆلۆژیا و میدیای مۆدێرن پەرەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت لە خوێندنی دوور مەودا بەرز دەکاتەوە.

**ب. دەرەنجامەکان**

**دەرەنجامەکانی توێژینەوە:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پەیڕەوکردنی شێوازە نوێیەکانی دیداکتیک دەبێتە هۆی باشتربوونی پەیوەندی کردن و کاری گرووپیی خوێندکاران.

أ. شێوازی سیستەمی پەروەردەیی کاریگەرێکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی توانا کۆمەڵایەتییەکان کە لە داهاتوودا دەبنە بناغەی سەرکەوتنی خوێندکاران.

ب. ڕاهێنانی پیشەیی مامۆستایان توانا کۆمەڵایەتییەکانیان بەرز دەکاتەوە، لەسەر چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ستراتیژییەتە جیاوازەکانی دیداکتیک بۆ گەشەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو پۆلەکاندا.

ج. سیستەمی هەڵسەنگاندن بە شێوەیەک دابڕێژرێتەوە کە نەک تەنیا زانیاری، بەڵکوو کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە خۆ بگرێت، بۆ هاندانی فێرخوازان و مامۆستایان بۆ گرنگیپێدان بەم لایەنە.

د. بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانی دیجیتاڵ لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی دیداکتیکی دروستدا دەتوانێت کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر پەرە پێ بدات.

**شەشەم – ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان**

**١ .ڕاسپاردەکان**

**أ. بۆ وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان**

- ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر میتۆدەکانی دیداکتیک.
- گۆڕینی سیستەمی هەڵسەنگاندن بۆ پشتگیری کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان.
- دروستکردنی پلاتفۆرمی دیجیتاڵی بۆ چالاکی گرووپەکان.
- دامەزراندنی بەرنامەی هاوڕێیەتی لە قوتابخانەکان.

**ب. بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان**

- دیزاینکردنی پۆلەکان بە شێوەی گرووپی و بازنەیی.
- دروستکردنی ژینگەی فێرکاری پشتگیری لە گفتوگۆ و کارلێککردن.

• چاودێری سیستەماتیکی بۆ پێشکەوتنی خوێندکاران.

**ج. مامۆستایان**

• جێبەجێکردنی شێوازە داهێنەرەکان لە وانەگوتنەوە.
• پشتگیری هاوکاری لە نێوان خوێندکاران.

**٢. پێشنیارەکان**

ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکانی پەیوەندی دیداکتیک بە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و دەستکەوتی زانستی لای خوێندکاران، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی گرفتەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران. بۆیە لێرەدا چەند ناونیشانێک پێشنیاز دەکەین بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن وەک.

• کاریگەری میتۆدەکانی دیداکتیک لە پەرەپێدانی توانای خوێندکاران.
• پەیوەندی نێوان پرۆگرامی خوێندن و فشاری دەروونی خوێندکاران.
• کاریگەری چالاکیی گرووپەکان لە گەشەپێدانی توانا کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران.
• پەرەپێدانی پرۆگرامی ڕاهێنانی مامۆستایان بە بەکارهێنانی میتۆدە نوێیەکان لە خوێندنگە.

## سەرچاوەکان


**١.** سەرچاوە کوردییەکان

– ئەحمەد، د.ئ،٢٠٢٢. ، کاریگەری بەکارهێنانی هەندێک لە ستراتیجیەکانی وانەووتنەوە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنان لای خوێندکارانی پەروەردەی هونەر لە بابەتی پرۆژەدا،(ماستەر)، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی سلێمانی،٢٠٢٢.
– محمد البرزنجي، ن.ع،٢٠٢٢. ،کاریگەریی ئاوێتەکردنی هەندێک لە ستراتیژەکانی فێربوونی کارا لە وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بەدەستهێنانی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی،(ماستەر)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت–زانکۆی سلێمانی.
– مرزا, ئ. ع. & عبدالخالق, ر. م., ٢٠٢٥. ڕۆڵی پرۆژەی ڕاهێنانی وەزارەتی پەروەردە لەدەستخستنی کارامەیی بنچینەییەکانی وانەوتنەوە لای ماۆستایانی قۆناغی بنەرەتی. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان, ١(٢٩), لل. ٢٥١–٢٧٨.

**٢. مصادر عربية**

–نعيمة، ت، ٢٠١٧ ، الطارئق التدريس وعلاقتها بنظام الجودة في ظل الاصلاحات، مذكرة لنيل شهادة دكتو اره في علم الاجتماع التربوي، بجامعة أبو القاسم سعد الله،. بوزريعة.

- **3.English References:**
- Bandura, A., 1977. Social Learning Theory. Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall.
- Birkholz, S., 2018. 'The Didactic Triangle as a Framework for Educational Design'. Educational Research and Reviews, 13(12), pp. 456–467.
- Blumer, H., 1969. Symbolic Interactionism: Perspective and Method. California: University of California Press.
- Cadwell, K., 2018. Using Dialogue Circles to Develop Social Skills. Portland, ME: Stenhouse Publishers.
- Campbell, P., 1994. Improving Social Competence: A Resource for Elementary School Teachers. Boston: Allyn & Bacon.
- CASEL (Collaborative for Academic, Social, and Emotional Learning), 2020. Framework for Social-Emotional Learning. Chicago: CASEL.
- Clark, L. & Cavanaugh, T., 2018. Using Technology to Develop Social Skills in Elementary and Middle School Students. New York, NY: Routledge.
- Cohen, A. M., 2012. Building Learning Communities: Strategies for the Classroom. San Francisco, CA: Jossey-Bass.
- Comenius, J. A., 1657. Didactical Magna (The Great Didactic). Amsterdam: Jansson-Waesbergios.
- Daniels, H., 2016. Vygotsky and Pedagogy. 2nd ed. London: Routledge.

- Deming, D. & Kahn, L., 2018. The Growing Importance of Social Skills in the Labor Market. Harvard University Press.
- Deming, D. J. & Kahn, L. B., 2018. 'Skill Requirements Across Firms and Labor Markets: Evidence from Job Postings for Professionals'. Journal of Labor Economics, 36(S1), pp. 11–12.
- Durlak, J. A., Weissberg, R. P. & Dymnicki, A. B., 2011. 'The Impact of Enhancing Students' Social and Emotional Learning'. Child Development, 82(1), pp. 405–432.
- Gee, J. P., 2017. Social Learning in the Digital Age. New York, NY: Peter Lang Publishing.
- Gresham, F., Sugai, G. & Homer, R., 2001. 'Interpreting Outcomes for Social Skills'. Exceptional Children, 76(3), pp. 331–334.
- Hattie, J., 2015. Visible Learning: A Synthesis of Over 800 Meta-Analyses Relating to Achievement. Routledge.
- Johnson, D. W. & Johnson, R. T., 2009. Cooperative Learning in the Classroom. 2nd ed. Edina, MN: Interaction Book Company.
- Johnson, S. R., 2023. 'Reassessing Didactic Teaching: Innovations and Adaptations'. Journal of Educational Innovation, 45(1), pp. 120–135.
- John-Steiner, V. & Mahn, H., 1996. 'Sociocultural Approaches to Learning and Development'. Educational Psychologist, 31(3), pp. 191–206.
- Jones, S. & Park, M., 2015. The Effect of Formative Feedback on Social Development. New York, NY: Teachers College Press.
- Kozulin, A., 2003. Vygotsky's Educational Theory in Cultural Context. Cambridge, UK: Cambridge University Press.
- Lipman, M., 1980. Philosophy for Children: Thinking Well in the Classroom. Montclair, NJ: IAPC.
- Mar, R. A., Oatley, K. & Peterson, J. B., 2009. 'Exploring the link between reading fiction and empathy'. Communications, 34(4), pp. 407–428.
- Mathur, S. & Rutherford, R., 1996. 'Is Social Skills Training Effective for Students with Emotional or Behavioral Disorders?'. Behavioral Disorders, 22, pp. 21–27.
- McMurtry, K., 2016. Practical Aspects of Effective Teaching in Online Higher Education Courses. (Thesis) Nova Southeastern University.
- Meier, C. R. J. C. D. & O., M. M., 2006. 'Importance of Social Skills in the Elementary Grades'. Education and Treatment of Children, 29(3), pp. 409–419.
- Merton, R. K., 1968. Social Theory and Social Structure. Free Press.
- Miller, K., 2010. Social Skills Interventions in Schools. New York: Guilford Press.
- Mooney, L., Knox, D. & Caroline, S., 2017. Understanding Social Problems. Cengage Learning.
- Noddings, N., 2013. Caring in Education. New York: Teachers College Press.
- OECD, 2019. Future of Education and Skills 2030: OECD Learning Compass 2030. Paris: OECD Publishing.
- OECD, 2021. Skills for Social Progress. Paris: OECD Publishing.
- Pearson, J. L., 2005. The Relationship of Social Competence and Behavioral Learning with Academic Achievement. Pennsylvania State University.
- Ribble, M. & Ribble, K., 2019. Digital Citizenship. Eugene: ISTE.
- Slavin, R. E., 2014. Cooperative Learning and Academic Achievement. New York, NY: Routledge.
- Smith, J., 2005. Teaching Methods and Strategies. New York: Academic Press.
- Turner, J. H., 2020. The Sociology of Social Relationships. Cengage Learning.
- UNESCO, 2020. Education for the 21st Century. Paris: UNESCO.
- UNESCO, 2021. Reimagining Our Futures Together. Paris: UNESCO.
- Vygotsky, L. S., 1978. Mind in Society. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- Wertsch, J. V., 1985. Vygotsky and the Social Formation of Mind. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- Wertsch, J. V., 1991. Voices of the Mind. Harvard University Press.
- Weston, D. & Pines, R., 2014. Assessment for Learning in Social-Emotional Skills. Thousand Oaks, CA: Corwin Press.
- World Economic Forum, 2023. Future of Jobs Report 2023. Geneva: WEF.

**العلاقة بين الديداكتيك و المهارات الاجتماعية:دراسة تحليلية**

**ارام رسول حسين**
قسم علم الاجتماع, كلية الآداب,جامعة صلاح الدين – أربيل،إقليم كوردستان,العراق
aram.rasul@gmail.com
**جوان اسماعيل بكر خوشناو**
قسم علم الاجتماع, كلية الآداب,جامعة صلاح الدين – أربيل،إقليم كوردستان,العراق
Jwan.bakr@su.edu.krd

**الملخص**
تهدف هذه الدراسة إلى تحليل العلاقة بين الطرق التربوية (الديداكتيكية) وتنمية المهارات الاجتماعية لدى الطلاب، مع التركيز على تأثير الطرق التعليمية الحديثة في تنمية مهاراتهم الاجتماعية. تم اعتماد المنهج الوصفي الشكلي كإطار أساسي للتحقق من هذه العلاقة، من خلال تحليل المفاهيم النظرية المتعلقة بالديداكتيك والتفاعل الاجتماعي.
وأظهر التحليل النظري أن استخدام الطرق الديداكتيكية الحديثة في العملية التعليمية يساهم بشكل كبير في تحسين المهارات الاجتماعية للطلاب، مثل التعاون وحل المشكلات والتواصل الفعال. وقد أكدت الدراسة على أهمية توفير بيئة تعليمية تشجع على التفاعل الجماعي والنقاش، مما يدعم بناء علاقات إيجابية بين الطلاب ويعزز قدرتهم على التكيف مع بيئات العمل المستقبلية.
وكشفت الدراسة أن الطرق الديداكتيكية القائمة على المشاركة الجماعية والنقاش لها دور كبير في تعزيز المهارات الاجتماعية للطلاب. كما بينت أن المعلمين يمكن أن يؤثروا إيجابًا في هذه العملية من خلال استخدام استراتيجيات تعليمية تشجع على المشاركة الفعالة والعمل الجماعي، مما يساعد الطلاب على اكتساب المهارات الاجتماعية التي ستكون ضرورية لهم في سوق العمل والمجتمع.
واستنادًا إلى النتائج، أوصت الدراسة بضرورة أن يركز النظام التعليمي بشكل أكبر على تعزيز المهارات الاجتماعية للمعلمين في البرامج التدريسية، من خلال دمج الأنشطة التفاعلية والجماعية التي تشجع الطلاب على المشاركة والتعاون.
**الكلمات المفتاحية:** الديداكتيك، المهارات الاجتماعي ، التفاعل، التعليم التربوي.

**The Relationship between Didactics and Social Skills:An Analytical Study**

**Aram Rasul Hussen**
Department of Sociology, Collage of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
aram.rasul@gmail.com
**Jawan Ismail Bakr**
Department of Sociology, Collage of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Jwan.bakr@su.edu.krd

**Abstract**
The purpose of this study is to analyze the relationship between educational (didactic) methods and the development of social skills among students, with a focus on the impact of modern teaching methods on the development of their social skills. The descriptive formal approach was adopted as the basic framework for investigating this relationship, through the analysis of theoretical concepts related to didactics and social interaction.
The theoretical analysis indicates that the use of modern didactic methods in the education process contributes significantly to the improvement of students' social skills, such as cooperation, problem solving and effective communication. The study has emphasized the importance of providing an educational environment that encourages group interaction and discussion, which supports positive relationship building among students and enhances their adaptability to future work environments.
The study showed that didactic methods based on group participation and discussion are relevant in enhancing students' social skills. It also shows that teachers can have a positive impact on this process by using teaching strategies that encourage active participation and teamwork, helping students to acquire the social skills that will be necessary for them in the labor market and society.
Based on the results, it was recommended that the education system should focus more on enhancing the social skills of teachers in teaching programs by integrating interactive and group activities that encourage students to participate and collaborate.
**Keywords:** didactics, social skills, socialization, interaction, teaching education.